## تەنها چەند دێرێک بۆکاک دلێرمحمود سابیر ... باوکی هەلۆ گەرمیانی

برای بەرێزم نوسینەکەتم خوێندەوە کە بەناونیشانی ( (بۆئەوەی مێژووی دوێنێ لەگەل ئەمرۆ گرێ بدەین) ) زۆر پێخۆشحال بووم بەو نووسینە. بەلأم ئەوەی زۆر زۆر سەرنجی راکێشام ئەوەبوو وام ئەزانی کاکە دلێر لەژیانیا لەکوردوستان نەژیاوە و هیچ دەربارەی کوردوستان نازانێ. بەلأم تۆزێ لەناوەکەت وورد بوومەوە زانیم بەرێزت کێ یەو لە چ شارێك وگەرەکێك دانیشتبووی پێش ئەوەی بێیت بۆ هەندەران. وەئەو گیرو گرفتانەی بەسەرت هاتبوو لەهەندێکیان ئاگادارم. بۆیە ئەلێم تۆ ئەو نووسینەت بۆکێ نوسیوە ئەگەر بۆ ئەوانەی وەك بەرێزت خاکی پیرۆزی کوردوستانیان بەجێ هێشتوە ودوورن لەمەزارگەی شەهیدان و باوو باپیران ئەوا داواکاریەکەت ناتوانرێ جێ بەجێ بکرێت؟؟؟؟ وەئەگەر بۆ لێپرسراوانی کوردوستانت نووسیوە ئەوا ئەوان میوانن لەکوردوستان وەك (کومپانیایەك ٱ) لەکوردوستان کار دەکەن وەکە کارەکەیان تەواو بوو ئۆغرئەفەرموون و ئەچن بۆ ئەو وولأتەی کەپارەی کوردوستانیان تیا حەشارداوە و ئەبن بە پاسەوانی ئەو گەنجینەی پارەیە. جا برای بەرێزم لێپرسراوانی کوردوستان وەك وولأتانی رۆژئاوا نیە راوێژکارو جێگر یان هەبێ بۆ بەلاچوونی داواکاریەکانی کۆمەل وبەپێی توانا جوابیان بدەنەوە یاخود داواکاریەکانیان بۆ جێ بەجێ بکەن. بۆیە واباشە تۆ و من وهەزارەهای دلسۆز بەکوردوستان زۆر خۆمان دل تەنگ نەکەین بەو داواکاریانەوە ئەگینا ( (رۆژیك بەلادادێین و مال ومندالمان سەرگەردان ئەبن و ئەوسا ) )

ئەلێن بەدەردی خوا مردن وەئەگەر زەحمەت نەبێ جارێك نوسینەکەی باوکی بۆتان بخوێنەرەوە لەژێر ناونیشانی سەرکردەی کورد وەك... ئەوسا زیاتربۆت روون ئەبێتەوە. ؟؟
برای بەرێزم هیوادارم لێم زویر نەبیت!!!!!

ٱی کومپانیا:- کەسێك یاخود چەند کەسێکن هەلئەسن بە دروست کردنی گروپێك وەئەگەرێن بەدوای کاردا وە ئەوپاریەی بەدەستیان ئەکەوێ بۆخۆیانە. وەك چۆن لێپرسراوانی کوردوستان ئەو پاریەی دێتە بەر دەستیان بۆخۆیان هەل ئەگرن و رەوانەی بانقەکانیان ئەکەن، وەجیاوازی نێوان کومپانیا و لێپرسراوان ئەوەیە یەکەمیان هیلاك ئەبێ و کاردەکا وە دووهەمیان لە ژورێکایە بەهاوین ئەلێ ی سەلاجەیە و بەزستانیش ئەلێی حەمامە و کاریش ناکەن.